زانكۆی سەلاحەددین
كۆلیژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ( جوگرافیای لادێ )

مامۆستای بابەت
جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mohood@su.edu.krd
8- 10 - 2020

fppt.com

## ❖ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ:



# ناوەڕۆکی وانە

❖ **جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی خوێندنی ؛**

یەکەم:دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ.

دووەم: چەمکی جوگرافیای لادێ و تایبەتمەندیەکانی .

سێیەم: ئامانجەکانی خوێندنی جوگرافیای لادێ.

چوارەم:خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.

پێنجەم:مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .

✓ **وانەی داهاتوو.**

# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

**یەکەم:** ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانیجوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی خوێندنی.

**دووەم:** شارەزا بوونی قوتابی لە چەمك و مانای جوگرافیای لادێ و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و گەشەکردنی و ئەو پەیوەندیانەی ئەییەستێتەوە بەلقەکانی تری جوگرافیا .



# جوگرافیای لادێ و ئاما نجەکانی

## یەکەم:دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ:

جوگرافیای لادێ جغرافیە الریفیە (Rural Geography) بە گشتی جەخت لە سەر دابەشبوونی شوێنجێیی ژیان و ژینگەی لادێ دەکاتەوە، بەو مانایەی لە تەرز و جۆری ژیانی لادێنیشینان لە لایەك و خەسڵەتە ژینگەییەکانی لادێ لە لایەکی تر دەکۆڵێتەوە، بەمەش لە چوارچێوەی خوێندن و لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای لادێیی خەسڵەتە مرۆیی و سروشتیەکانی لادێی وەك :جۆری بەکارهێانەکانی زەوی و پیشەو ئەرکی لادێنشینان و ژینگەی سروشتی و کاریگەری و کارتێکردنی هەر یەکێکیان لە سەر ئەوی تریان دیار دەکرێت.



# جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی

## یەکەم:دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ:

جوگرافیای لادێ بە یەكێك لە لقەكانی جوگرافیای مرۆیی هەژمار دەكرێت، بە گشتی نزیکەی سەدیەکە هەوڵەکان چڕکراونەتەوە لە سەر خوێندن و تیشك خستنە سەر لایەنە جیاجیاکانی جۆگرافیای لادێی، وە لە ئێستادا جوگرافیای لادێی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە بە جۆرێك گەر لە پێشوودا تەنها تایبەت بوو بێت بە نشینگە لادێیەکان و دابەشبوونیان، لە ئێستادا سەرباری توێژکردنی نشینگەکان و دابەشبوونیان پەیوەندی لادێ و شار و ئەرك و پیشەی لادێنشینان و پشکداری لە داهاتی نەتەوەیی و پەرەپێدانی لادێ لە چوارچێوەی جوگرافیای لادێ دەخوێندرێت.

# جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی

## یەکەم:دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ:

- لادێ وەك پارچەزەوییەکی جوگرافی مێژوویەکی لەمێژینەی هەیەو کاتەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە سەر زەوی، بە جۆرێك مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی نیشتەجێبوونی لە سەر زەوی هەوڵیداوە لە ژینگەیەکی ئارام و نشینگەیەکی گونجاو بۆ حەوانەوەو ژیانکردن نیشتەجێ بێت، جا ئەو نشینگەیە دەشێت بریتی بوو بێت لە چادرگە یان شوێنێك کە لە کەرەستەی قورو بەرد و دار بنیادنرا بێت.
- وە لەگەڵ فراوانبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان و بەدیارکەوتنی سەنتەرە شارنشینە فراوانەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، جوگرافیای لادێ پێی نایە قۆناغێکی نوێ بە جۆرێك کاریگەری لادێ لە سەر سەنتەرە شارنشینەکان و بە پێچەوانەوەش توێژینەوەی لە سەر ئەنجامدەدرێت، ئەمە تایبەت لەو کاتەی بە هۆی بەدیارکەوتنی دیاردەی پیسبوونی هەواو و زیادبوونی دانیشتوان و جەنجاڵی و ژاوەژاوی شارەکان، بە جۆرێك ئەگەر لە پێشووتردا لادێیەکان پەراوێزکراو بوو بن، لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەی باسکران لادێکان دەبنە جێگرەوەی شارەکان بۆ نیشتەجێبوون و شوێنێکی ئارام، سەربارى ئەمانە بە سەرچاوەیەکی کارای پشکداری داهاتی نەتەوەییش هەژمار دەکرێت.

# جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی

## یەکەم:دەروازەیەک بۆ جوگرافیای لادێ:

بــە گشــتی لادێ بــە ناوچــەیەکی جــوگرافی پڕبایــەخ هــەژمار دەکرێــت لــەو ڕووەی کاروچالاکی لادێنشینان سەرچاوەیەکی باشــی داهــاتی نەتــەوەیی پێکــدێنێت ئەمــە لــە لایەك، لە لایەکی تر، شوێنێکی گونجاو و لە بارە بۆ نیشتەجێبوونی ژمارەیــەکی زۆر لــە دانیشتوان بەمەش هاوسەنگییەك لە دابەشبوونی دانیشتوان لــە چوارچێــوەی ناوچــەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دێتە دەست .



# چەمکی جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی

## دووەم: چەمکی لادێ:

بەگشتی ئەوناوچانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی ڕووبەری سەنتەری شارنشینی دان و دانیشتوان تیایدا دەژین لە چەند گوندێکی پەرش و بڵاو یان کۆکراو، کە ژمارەی دانیشتوانی هەرگوندێک لە ٢٥٠٠کەس زیاتر نەبێت بەجۆرێک دانیشتوانەکەی بەزۆری خەریکی چالاکی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ بن.

بریتیە لە یەک لە لقەکانی زانستی جوگرافیای مرۆیی و بەشی دووەمی زانستی جوگرافیای ئاوەدانیە (العمران) کە لەدیاردەکانی لادێ بەگشتی دەکۆڵێتەوە چ لە ڕووی دیاردە سروشتیەکان یان مرۆییەکان، وەتیشک دەخاتە سەر ئەوگۆڕانکاریانەی کە لادێ توشی دەبێت لەڕووی ئابووری و وەبەرهێنانی زەوی و کۆمەڵایەتی و دانیشتوان.

# ئامانجەکانی خوێندنی جوگرافیای لادێ.

## سێیەم: ئامانجەکانی جوگرافیای لادێ:






١- لێکۆڵینەوە دەربارەی چۆنیەتی دروستبوونی نیشتەجێی لادێیی.

٢- دەرخستنی هۆیەکانی دابەشبوونی گوندەکان و شێوازەکانی دابەشبوونیان.

٣- دەرخستنی شێوازەکانی دابەشبوونی خانووەکان و هۆکارەکانی دابەشبوونیان.

٤- دەرخستنی مۆرفۆلۆجیای گوند(شێوەی گوندونەخشەی ناوەکی خانوو).

٥- لێکۆڵینەوە دەربارەی دانیشتوانی لادێ و گیروگرفتەکانیان و گەشە پێدانی لادێ و پلان دانانی لادێ.

٦- سروشتی پەیوەندی نێوان شارولادێ و کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەویتر.

# خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.



## چوارەم:خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.

**کۆمەڵگای لادێ بەم خاسیەتانە دەناسرێت:**

**١- لەڕووی شوێنی جوگرافی :**

**بـریتیە لەو شـوێنانەی کە لەدەرەوەی سـنوری شـارەکاندا بەدیـاردەکەون قەبـارەو ڕووبەریـان بچـووکترە لە شارەکان،بەڵام ژمارەیان و بونیان لە شار زیاترە.**

**٢-لەڕووی دیمۆگرافیاوە:**

**أ- ژمـارەی دانیشـتوانی لادێکـان کەمتـرن لەشـارەکان بەگشـتی لە جیهـان ژمارەیـان لە ٢٥٠٠یـان ٣٠٠٠کەس تێپەڕناکات.**

**ب- قەبارەی خێزان لەلادێکان گەورەیە بەتێکڕا دەگاتە نزیکەی ٧-٨کەس لە خێزانێکداو جۆری خێزانەکەشی بریتیە لە جۆری(خێزانی ئاوێتەیی) .**

# خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.

## چوارەم:خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان:

٣-لەڕووی ئابووریەوە:

ا- جۆری پیشە:زیاتردانیشتوانی لادێ بەپیشەی کشتوکاڵ و ڕاوەماسی وداربڕین وهەنگەوانی خەریکن.

ب- کاتی کارکردن وبێکاری: کاتی کارکردنی دانیشتوان لەلادێ زیاتر وەرزیە،بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی چالاکی کشتوکاڵن ، واتە لە وەرزێک کاردەکەن لەوەرزێکی تر بێکارن.

ت- شارەزایی و لێهاتوویی: دانیشتوانی لادێیی زیاتر شارەزاییان لە سروشت دا هەیە بە هۆی جۆری پیشەیان ، بەڵام دانیشتوانی شار شارەزاییان لە بواری دیاردە مرۆییەکانەوە هەیە وەک پیشەی کارگێڕی و زانستی و بوارەکانی تر کە پەیوەستە بە شارەستانیەت.

ث- ئاستی بژێوی: ئاستی بژێوی دانیشتوانی لادێ لە جیهان نزمترە لە دانیشتوانی شار،بە تایبەتی لە لادێکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو،لەبەر جۆری پیشەوجۆری حوکمڕانی وپلان دانان لەهەر وڵاتێکدا.

ج- موڵکداریەتی خانوو: زیاتر خانووی موڵک وتەجاوز بەدی دەکرێت لە لادێکاندا بە تایبەتی لە لادێکانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری.

# خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.

## چوارەم:خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان:

### ٤- لەڕووی کۆمەلایەتیەوە:

أ- **ئاستی ڕۆشـەنبیری** :ئەم ئاستە نـزمە لە لادێکـان لەبەر دووری لە شـاروو شارەسـتانیەتدا وە دووری لە تێکەڵ بوون بە خەڵکی ترو، هەروەها کەمی خزمەت گووزاری ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەم بوارەدا.

ب- **جیاوازی چینایەتی و کۆمەلایەتی:** چینە کۆمەلایەتیەکـان و جیـاوازی نێوانیـان کەمتر بەدی دەکرێن لە کۆمەڵگای لادێدا،بە پێچەوانەوەش لە شاردا بەدی دەکرێن.

ت- **خۆڕاگری کۆمەلایەتی:** واتە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە سنوری داب و نەریت و عـورف و عادەتی کۆمەڵگا. ئەم خاسیەتە زیاتر لە لادێکان بە هێزترە.

ث- **پابەند بوون بەیاسا**:لە لادێ دانیشتوان زیاتر پابەنـدن بە داب و نەریت و عـورف و عـادەت و سەرۆک هۆز و عەشیرەت و پیاوانی ئاینی، نەوەک بەیـاساو ڕێساکانی دەوڵەت.

# خاسیەتەکانی کۆمەڵگای لادێ لە جیهان.

ج- ئاستی زانستی: ئاستی زانستی لە لادێ نزمترە لەوەی لە شار لە هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستی خزمەتگوزاری لە لادێکاندا.

ح- ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەش: بەهۆی نیشتەجێبوون لەسەر ئاستی خزمایەتی و بوونی ژن و ژن خوازی لە نێوانیاندا، ئەم خاسیەتە لە لادێ زۆر بەهێزە.

خ- جۆری جل وبەرگ: بەزۆری جل و بەرگی دانیشتوانی لادێ کەلەپووری وولات نیشان دەدات.

## ٥-لەڕووی بیناسازیەوە:

أ- جۆری خانوو: خانووەکانی لادێ بە چەند خاسیەتێکی بیناسازی دەناسرێت وەک (فراوانی ڕووبەری خانوو+کەمی ژمارەی ژوور+کەمی ژمارەی نهۆم)و جۆری ماددەی بینا بریتییە لەوماددانەی کەلە سروشتدا یاخود لە ژینگەی خۆماڵی بەدەست دەکەوێت وەک(قوڕ+کا+قامیش+دار+پێستی ئاژەڵ+گەڵای درەخت ....هتد).

ب- ئاستی خزمەت گوزاری: ئەم خزمەت گووزاریە لە لادێ کەمتر بەدی دەکرێت چ لەڕووی خزمەت گوزاریەکانی کۆمەڵگای بێت وەک(تەندروستی+فێرکاری+خۆشگوزەرانی )یاخود لە ڕووی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان بێ وەک (شەقام +ئاو +کارەبا).

# مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .

## پێنجەم:مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ؛

لەگەڵ ئەوەی لادێ لەشار کۆنترە لە ڕووی دروستبوونیەوە بەڵام لێکۆڵینەوە لە بواری دێنشینی لە ماوەیەکی درەنگتر بایەخی پێدراوە ئەگەر بەراووردی بکەیەن لەگەڵ شاردا ،ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ لۆکۆڵینەوەیەک لەسەر لادێ نەکراوە بۆ نموونە:-

لێکۆڵینەوەی زانا (ڕیتەر) کە لەنێوان سالانی (١٧٧٩-١٨٥٩)دا ژیاوە هەستاوە بە لێکۆڵینەوە لەم بوارە لەسەر دابەشبوونی نشینگەی لادێی و شێوەکانی و ئەو فاکتەرانەی کەوا کاریان تێدەکات ، هەروەها لە دوای ریتەر زانای تر هاتوون لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە وەک (میتزن) یەکە لەوانە لە ساڵی (١٨٩٥) هەستاوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر خانووی دێهاتی و دێنشیینی کە پەرتوکێکی لەم بارەیەوە نووسی وە بە ناونیشانی (کشتوکال و دانیشتوان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەڵمانیا)، دواتر زانای تر دەرکەوتن لەم بوارەدا کە ڕۆڵیان هەبوو لەم بوارەدا وەک (ڤیدال دی لابلاش و هاسیرت و جان بیرن...)

# مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .

## پێنجەم:مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ:

جگە لەمانەش لە ساڵی ١٩٢٥ کۆنگرەی جیهانی جوگرافیا لە قاهیرە بەسترا ئەم کۆنگرەیە ڕۆڵی هەبوو لە گرنگیدان بە نیشتەجێبوونی لادێیی ، هەربۆیە لە دوای ئەم کۆنگرەیە زانای تر دەرکەوتن کەوا گرنگیان دا بە جوگرافیای دێنشینی لەوانە (دیمانجۆن) هەستا بە لێکۆڵینەوە کردن لەسەر نشینگە لادێییەکان لە فەرەنسا.

دەتوانین بڵێین سەرەتاکانی سەدەی (٢٠) سەرەتای گرنگی دان بووە بە جوگرافیای دێنشینی کە کۆمەڵێک لایەن ڕۆڵیان هەبووە لەم بوارەدا کە ئەمانەن:

١- قوتابخانەی ئەڵمانی ٢- قوتابخانەی فەرەنسی ٣- قوتابخانەی ئینگلیزی.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم جوگرافیای دێنشینی ڕێچکەی تایبەتی خۆی وەرگرت .

# مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .

## پێنجەم:مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ؛

جوگرافیای لادێ وەك هەر لقێك لە لقەكانی تری زانستی جوگرافیا بە چەند قۆناغێـك تێپەڕ بوو، لە كاتی ئێستادا جوگرافیـای لادێ چوارچێـوەیەكی بـەرفراوانی تێـۆری و پڕاكتیكی هەیە، وە دەكرێت بە هۆی بەكارهێنانی یـەكێك لـە پـەیڕەوە زانسـتیەكان (منهج – Approach ) جوگرافیای لادێ بخرێتە بەرباس و توێژكاری بۆ بكرێـت و لە ئەنجامدا بە چەند دەرئەنجامێكی گشتگیری كرداری كارەكە بە كۆتا بێت.







# مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .

## پێنجەم:مێژووی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ:

دەکرێت مێژووی گەشەسەندنی جوگرافیای لادێ بۆ سەر سێ ( ٣ ) ماوەی ( Period ) سەرەکی دابەش بکرێت کە ئەمانەن:

**ماوەی یەکەم ( بەر لە ١٩٥٠ ساکان ):** لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی بێ مەبەست جوگرافیای مرۆیی و هەرێمی جەختی لە سەر لادنسکەیپی لادێکان و لایەنی کەلتوری کردۆتەوە.


**ماوەی دووەم: ( ١٩٥٠ - ١٩٧٠ ساکان ):** لەم ماوەیەدا توێژکردنی لادێ گشتگیرتر بوو، بە جۆرێك لادێ خرایە بەرباس لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە کشتوکاڵ و بەکارهێنانی زەوی و تەرزی نشینگەکان.

**ماوەی سێیەم: ( ١٩٧٠ ساکان تا ئێستا ) :** لەم ماوەیە لایەنی سیاسی و ئابووری و بنیادنانەوەی پێکهاتەی لادێ و پەیوەندی و جووڵە کۆمەڵایەتیەکان و شارەزاییەکان دەخرێتە بەرباس.

# وانەی داهاتوو:

- پاڵنەرەکانی گرنگی دان بە جوگرافیای لادێ و هۆیەکانی:
- بوارەکانی لێکۆڵینەوەکردنی زانستی جوگرافیای لادێ:




سوپاس